# هچ کێشەیەک نییە بۆ بینینی مانگ ئامێرە پێشکەوتوەکان بەکاربهێنرێت

[ kurdish – كوردی – كردي ]


## موحەمەد صاڵح المنجد


سایتی (ئیسلام پرسیار ووەڵام)

**وەرگێڕانی:** دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز


2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿حكم الاستعانة بالأجهزة الحديثة لرؤية الهلال﴾

« باللغة الكردية »


## محمد صالح المنجد

موقع الإسلام سؤال وجواب


ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز


2012 - 1433

IslamHouse.com

# هچ کێشەیەک نییە بۆ بینینی مانگ ئامێرە پێشکەوتوەکان بەکاربهێنرێت

**پرسیار :** ئایا دروستە بۆ زانینی سەرەتا وکۆتایی مانگ پشت بە حسابی فەلەکی ببەستین، وە ئایا دروستە موسڵمان بۆ بینینی مانگ ئەم ئامێرە نوێیانە بەکاربهێنێت؟ یان بینینی مانگ هەر دەبێت بەچاوی ئاسایی مرۆڤ بێت ؟

**وەڵام :** الحمدلله .

ڕێگای شەرعی بۆ زانینی هاتنی مانگ ئەوەیە خەڵکی بەچاوی خۆیان مانگ ببینن، وە پێویستە ئەو کەسەش کە دەڵێ مانگم بینیوە کەسێکی دیندار ومتمانە پێکراو بێت وچاویشی بەهێز بێت، جا ئەگەر کەسێکی بەم شێوەیە شاهیدی دا کە مانگی بینیوە ئەوا لەسەر خەڵکی واجبە باوەڕی پێ بکەن وکار بەشاهیدیەکەی بکەن، ئەگەر مانگی ڕەمەزان بوو ئەوا پێویستە لەسەریان بەڕۆژوو بن، خۆ ئەگەر مانگی شەوالیش بوو ڕۆژو نەگرن وبیکەن بەجەژن .

وە دورست نییە بۆ جێگربوون وسەرەتا و کۆتای مانگ پشت بە حساباتی فەلەکی ببەسترێت، ئەگەر هاتوو مانگ نەبینرا، بەڵام ئەگەر هاتوو لەڕێگای ئامێرەکانی بینینی فەلەکیەوە

مانگ بینرا ئەوە دروستە پشتی پێ ببەسترێت، ئەویش بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیەی کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : « إذا رأيتموه فصوموا ، وإذا رأيتموه فأفطروا » واتە ئەگەر مانگتان بینی بەڕۆژوو بن، وە ئەگەر لەکۆتاییشەوە مانگی شەوالتان بینی بەڕۆژوو مەبن،

بەڵام حساباتی فەلەکەی دروستە نیە کاری پێ بکرێت وپشتی پێ ببەسترێت، بەڵام بەکارهێنانی ئەو ئامێرەی کە پێی دەوترێت (دربیل) کە سەیری مانگی پێ دەکرێت ونزیکی دەکاتەوە هیچ قەیدی ناکات ودروستە، بەڵام ئەوەیش بزانن کە واجبە نییە لەسەرمان بۆ بینینی مانگ ئەو ئامێرە بەکاربهێنین، چونکە ظاهری سوننەت باس لەوە دەکات کە پشت بە بینینی ئاسایی چاوی مرۆڤەکان ببەسترێت نەك شتی تر، بەڵام ئەگەر هاتوو کەسێکی متمانەپێکراو ئەم ئامێرەی بەکارهێناو شاهیدی دا کە مانگی پێ بینیوە ئەوە کار بەشاهیدیەکەی دەکرێت، چونکە خەڵکی لە زەمانی کۆندا لەسی مانگی شەعبان و سی مانگی ڕەمەزاندا بەم ئامێرەوە سەردەکەوتنە سەر مونارەی مزگەوتەکان بۆ ئەوەی بەو ئامێرە سەرەتا وکۆتایی مانگیان لا جێگیر ببێت .

بەهەر حاڵ چ کاتێك سەلمێنرا مانگ بینراوە ئیتر بەهەر هۆکارێك بێت ئەوە واجبە کار بەو بینینە بکرێت، بەبەڵگەی

ئەو فەرمووده گشتگیرەی کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : « إذا رأيتموه فصوموا ، وإذا رأيتموه فأفطروا » ئەم فەتوایەش فەتوای شێخ محمد بن صالح العثمين (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەگەڵ ( فتاوى علماء بلد الحرام لاپەڕە ١٩٢، ١٩٣) .

هەر لەم بارەیەشەوە (لیژنەی هەمیشەی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی وفەتواداان) لە شانشینی عەرەبستانی سعودیە فەتوایەکیان داوە کە تێیدا هاتووە : دروستە بۆ بینینی مانگ ئامێرە نزیك کەرەوەکان بەکاربهێنرێت، لەهەمان کاتدا دروست نییە بۆ سەرەتا وکۆتایی هاتنی مانگی ڕەمەزان پشت بە حساباتی فەلەکی ببەسترێت {اللجنة الدائمة" (٩٩/٩} .

بەمەش دەرکەوت کە هەموو ئەو قسە وقسەڵۆکانە درۆن و دوورن لەڕاستیەوە کە دەوترێت زانایانمان بەکارهێنانی ئامێرەکان بۆ بنینی مانگ بەحەرام دەزانن وپێیان وایە دەبێت بینین مانگ هەر دەبێت بە چاوی ئاسایی بێت .

لەخوای گەورە داواکارین کە هەق وڕاستیمان پیشان بدات وبیشمانکات بەشوێنکەوتەی هەق وڕاستی، وە باطل وناڕاستیشمان بۆ ڕوون بکاتەوە و دورمان بخاتەوە لەشوێنکەوتنی، وە ئەی پەروەردگار هیچ کات باتڵ وناهەقمان لێ نەگۆڕێت وببێت بەمایەی گومڕابونمان، ئەی خوای بەرز

وبڵند بمانکەیت بە پێشەوا بۆ کەسانی خواناس ولەخواترس .
(اللهم امین ) .

خوای گەورە زانا وشارەزاترە